# پیرۆز بیت رۆژی جیهانی منالان

# دنیای منالان

بلاوکراوەیەکی مانگانەیە سەنتەری بەرگری لەمافەکانی منالانی کوردستان دەری دەکات

ژمارە (21)، 1-ی حوزەیرانی 2004 | 8 لاپەرە نرخی 150 دینارە | No. (21)1st Jun. 2004


**بەیاننامەی سەنتەری بەرگری لەمافەکانی منالان سەبارەت :**
**بە خۆسووتاندنی ( عادل ) قوتابی پۆلی شەشەمی قوتابخانەی سلیمانی سەرەتایی**
**تیکەل لە لاپەرە (3)دا دەخوینننەوە**

## دابین کردنی مووچەی مانگانەی منالانی خوار ( 16 ) سال لە داهات و بودجەی حکومەت

### سەرووتار

بێ بەشی بێ مافی منالان لە قانون و دەستوردا سیمایەکی ئاشکرای دنیای ئەم ئەمرۆیە. بێ دەربەستی حکومەت و دەسەلاتداران لە بەرامبەر ژیان و پیویستی یەکانی فیربوون و پەروەردە کردنی منالان هۆکاری بنەرەتی وەزعی خراپی منالانە لە جیهان دا .

سپاردنی دابین کردنی ژیان وپیویستی یەکانی گەشەو پەروەردەکردنی منالان بە خیزان و بە دایك و باوك بووەتە هۆی بێبەش بوونی منالان و قورستر بوونی ژیان و گوزەرانی خیزان ، سەرەرای رەنگدانەوەی ئاکامە سلبی یەکانی ئەم دیاردەیە لەسەر بیرکردنەوە و پەروەردەکردن و دەروونی منالان .

هاوکات لە کوردستان دا بێ بەشی و بێ مافی منالان ، گوێ پێ نەدان و بێ دەربەستی دەسەلاتدارانی کوردستان لەبەرامبەر منالاندا دریژەی هەیە . کارکردنی منالان ، بی بەشی منالان لە داهات و بودجەی حکومەت ، نەخۆشی و بەد خۆراکی منالان و دابین نەکردنی دکتۆر و دەرمان بۆ منالان ، لیدان و ترساندنی منالان و زالکردنی بیروباوەر ی سیاسی و دینی بەسەر عەقل و دەروونی منالاندا لە قوتابخانە و خیزان و مزگەوتەکان و کۆمەلدا ، دریژەپیدانی سیستەمی کۆنی رژیمی بەعس لە قوتابخانەکاندا ، بی بەش بوونی منالان لەپیویستی کەشە و پەرە پیدانی توانا و بەهرەکانیان •••

ئەمرۆ ئیمە لەکاتیکدا یادی رۆژی جیهانی منالان دەکەینەوە کە دنیایەك مەینەتی و بی مافی یەخەی بە منالانی کوردستان گرتووە ..

بۆل-2

### سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالان بەم نزیکانە شکایەتی خۆی لە دادگای سلیمانی سەبارەت بە: خۆ سووتاندنی عادل تۆمار دەکات

خەلکی ئازادیخوازی سلیمانی ، دایکان باوکان

بە دوای روودانی کارەساتی خۆسووتانی( عادل ) خویندکاری قوتابخانەی سلیمانی سەرەتایی لە شاری سلیمانی و بەدوای سەردان و گفتوگۆی نوینەرانی سەنتەرەکەمان لەگەل هەریەك لە دایك و باوکی عادل و بەریوەبەری قوتابخانەکە و بریکاری وەزیری پەروەردە ، گەیشتینە ئەم ئەنجامەی خوارەوە . بەو هۆیەوە کە :

1ـ خۆسووتاندنی عادل راستەوخۆ ئاکامی مامەلەیەکی توند و تیژ و نایاسایی بەریوەبەری قوتابخانەکەی بووە . بەم دەلیلانەی خوارەوە :

ا ـ شکاندنی عادل بە بەرچاوی قوتابی یەکانی ترەوە . ئەوەتا عادل بە دایکی ووتووە ( وای شکاندووم لەبەرچاوی قوتابییەکان وام لیهاتووە خۆم لەبەرچاو کەوتووە ، خەریکم دەمرم ) .

ب ـ دەرکردنی عادل لە قوتابخانە . دایکی عادل : عادل دەر دەکات ئەلیت بە هیچ شیوەیەك نەیەیتەوە بەم مەکتەبەدا

بۆل-4

### دەسەلاتداران بەرپرسن لە دابین کردنی مووچەی مانگانەی منالانی خوار شانزە سال

**سامان ئەحمەد**



**ئایا خواستی دابینکردنی مووچەی مانگانەی منالان لە بودجەی حکومەت خواستیکی واقعی و دروستە ؟**

لە رووی ئینسانی یەوە، ئەمەخواست و ئارەزوویەکی ئینسانی یە بۆ دابین کردنی ژیان و بەختەوەری و ئاسوودە کردنی منالان و بەهرەمەند بوونیان لە مافیکی سادە و پر بە پیستی خۆیان . ئەوەش کە بە میراتی ئەرکی دابینکردنی ژیان و جل و بەرگ و پۆشاك و پیویستی یەکانی منالان خراوەتە ئەستۆی خیزان یان دایك و باوکەوە زولم و ناهەقی یەکی گەورەی کۆمەلگا و دەسەلاتی ئەم سەردەمەیە لەبەرامبەر منالاندا بە تایبەتی و دایك و باوکان دا بە گشتی . ئەم بێ بەش کردنەی منالان لە داهات

بۆل-2

### دابین کردنی مافی منال دابین کردنی مافی هەموو کۆمەلگایە!

**محسن کریم**

هەموو گەورەکان تەمەنیك منال بووین. هەموو ئەو بی مافیانەی ئیستا بەرامبەر منال لە لایەن کۆمەلگاو خیزانەوە بەریوە دەچن، بەرامبەر بەئیمەش گەورەکانی ئیستا ئەنجام دراوە. ئەوکات ئیمە منال بووین، گەورەکانی پیش ئیمە کەمتەرخەمی یان کرد بەرامبەر ئیمە، یان تەنانەت بەشیك بوون لە هۆکاری چەوسانەوەو بیماف کردنمان. گەورەکانی پیشتریش بەرامبەر ئەوان، و بەم شیوەیە ئەم زنجیرەیە لە کۆنەوە نەوە دوای نەوە دوبارە بۆتەوە. ئەگەریش هەر ئیستا ئیمەی گەورەکان بەری پێ نەگرین، بەرامبەر بە منالانی چەند نەوەو نەوەی دیکەی داهاتووش دوبارە دەبیتەوە! چ جای ئەوەی بەشیکمان خۆی ببیتە جێبەجیکەری ئەم بیمافیانەی منال، پەیامیکی چەند رەشە، چەوساوەکانی دوینێ ببنە چەوسینەری هاوشیوەکانی ئەمرۆی خۆیان!؟ کەواتە مەسەلەی منالو مافەکانی مەسەلەی ئیمە گەورەکانی ئەمرۆیە. با پیش

بۆل-3

### چاوپیکەوتن لەگەل یاد عبدالکریم قادر سەرۆکی پەرلەمانی منالانی جیهان. بەبۆنەی رۆژی جیهانی منالانەوە.

بۆل-3

### رۆژیك بۆ منالان

**ئیدریس علی**

بۆل-7



### گفتوگۆی دنیای منالان لەگەل:

*بریکاری وەزارەتی پەروەردە. بۆل-4

*دایکی(عادل)

بەهۆی گیان لەدەست دانی ( عادل )ەوە بۆل-5

### سەبارەت بە بەرگریکردن لە خواستی قەدەغە کردنی حیجاب بۆ منالان.

**( مەنسور حکمت )**

بۆل-6

**(دنیای منالان ) پیویستە تەنها گەورەکان بیخوینەوە,واتە لە خوار تەمەنی (16 )سالیەوە نابیت بیخوینیتەوە**

## دریژەی (دەسەلاتداران بەرپرسن.... )

و بودجەی وولات لە لایەکەوە بە هۆی هەژاری و کەمی مووچە و بیکاری و گرانی یەوە بووەتە هۆی بێ بەش بوونی زۆرینەی منالانی کۆمەلگا لە خواردنی گونجاو و جل و بەرگی جوان و پیویستی یاری کردن و فیرکردن و ئارەزووەکانیان ، لە لایەکی تریشەوە بووەتە هۆی ئەرك و ماندووبوون و مەسئولیەتیکی قورس لەسەر شانی دایك و باوك و سەرەرای نەتوانینی دابینکردنی حەز و ئارەزووی جگەر گۆشەکانیان هاوکات بیرچوونەوەی حەز و ئارەزوو پیویستی یەکانی ژیانی تایبەتی خۆشیان . رۆژانە لە دەمی هەموو دایك و باوکیکەوە بە شیوازی جۆراو جۆر نارەزایەتی و گازندە لە بەرامبەر ئەم ئەرك ومەسئولیەتەدا دەبینین و دەبیستین . هیچ لەوە ناخۆشتر نی یە کە باوك و دایك سیمای بێ بەشی و نەبونی بە منالەکانی خۆیانەوە دەبینن ، هیچ شتیك لەوە ناخۆشتر نی یە کە باوك و دایك بەهۆی منالەکانیانەوە ناپەرژینە سەر ژیان و پیویستی یەکانی ژیانی خۆیان . هەربۆیە لە واقعدا دابینکردنی ژیانی منالان ئەرکیکە لەسەر و توانای خیزانەوەیە و هەرگیز ناتوانێ وەلام دەرەوەی پیویستی یەکانی ژیانی منالان بیت .

لە رووی حقوقیشەوە ، ئەگەر بروامان بەوە هەبیت کە سامان و داهات و بودجەی حکومەت مولك و تاپۆی حزبی دەسەلاتدا ر و دەزگا حکومەتی یەکان نی یە بەلکو مولکی هەموو خەلکە بە منالانیشەوە و دەبێ لە خزمەتی ژیان و بەریوەبردنی هەمووخەلك و کۆمەل دا بیت . ئیتر ئەوەندە بەسە بۆ سەلماندنی مافی ئەو بەشە فراوانەی کۆمەل لە داهاتی وولاتدا کە منالانن تەمەنیان لە خوار 16 سالەوەیە توانای کارکردنیان نی یە و لە قۆناغی پەروەردەکردن و فیرکردن دان . لیرەوە بەش و مافی ئەوان لە بودجەی وولات دیاری بکریت .

ئەم جۆرە لیکدانەوە و نەتیجە گیریە خیرخوازی و بەزەیی هاتنەوە بە منالاندا نی یە بەلکو لە راستی دا مافیکی بێ ئەملاو ئەولای منالان خۆیانە لە سامان و د اهاتی ئەو وولاتەی تیایدا دەژین ، بەلام منالان خۆیان درکی ئەم مافە ناکەن و نازانن داوای ماف و بەشی خۆیان بکەن ، دەبێ ئینسانە گەورەکان ئەم مافە بۆ منالان بگیر نەوە . هەربۆیە لە باری حقوقیشەوە ئەم خواستە مافیکی هاوولاتی بوونی منالانە کە بەش و مافی خۆی لە سامان و داهاتی وولاتەکەی خۆیدا هەیە . لە ر استی دا بێ بەش کردنی منالان لەم مافەی خۆی چ لەباری ئینسانی یەوە چ لە باری حقوقی یەوە نیشانەی ژیر پێ نانی مافیکی ئینسانی و قانونی منالانە .

**مووچەو کرێی دایك و باوك تەنها هی خۆیانە :**

دایك و باوك هەر کاریك بکەن منالیان هەبیت یان نەبیت ، کریکار بن یان کارمەند یان هەر کاریکی تر بکەن ئەو پارەیەی وەری دەگرن لە جیاتی ئەو کارەیە کە دەیکەن . واتە پارەی ماندووبوون و سەرف کردنی ر ەنجی خۆیەتی پیویستە لانی کەم ژیان و پیویستی یەکانی ژیانی خۆی پێ دابین بکات. بەلام ئاشکرایە بەهۆی بێ مافی منالانەوە دایکان و باوکان هەتا شیر و جل وبەرگ و پۆشاك و خواردن و پیویستی منالەکانیان وەستا بیت نەك خۆیان کەلکی لی وەرناگرن هاوکات ناتوانن بەو پارەیە بەدلی خۆیان و بە پێی پیویست منالەکانی شیان ئاسوودە و بەختەوەر بکەن . ئەمە زولمیکی گەورەی دوو لایەنەیە. پاشان ئەگەر باوك یان دایك کاریان نەبی و بیکار بن حکومەت و کۆمەلگا ژیانی منالەکانیان بە چ چارەنووسیك دەسپیریت ؟

لە راستی دا باوك و دایکی منال کاریان هەبی یان بیکار بن توانای ئابووریان باش بی یا مام ناوەند و خراپ بی منالان خۆیان خاوەنی بەش و مافی خۆیانن لە داهات و سامانی ئەو وولاتەی تیایدا دەژین . چ دەسەلاتیك و حکومەتیك هەیە رۆژانە ئیدیعای ئەوە نەکات کە دەسەلات و سامان و داهاتی وولاتەکەی مولکی گشتی خەلکی ئەو وولاتەیە بەلام لە باری عەمەلی یەوە بێ بەشی کردوون ، ئەمە زولمیکی گەورە و دزینی ئاشکرای بەش و مافی خەلکە .

ئەوەش کە لە مووچەی کارمەند یان کریکاریکی حکومی دا بە شیوەیەکی ر ەمزی بریکی ئیجگار کەم بەناوی منالەوە پێیان دەدریت کە بەشی خەرجی رۆژانەی یەك رۆژی منالیش ناکات نیشانەی خۆدزینەوەی ر ەسمی حکومەت و دەسەلاتە لە ئەرك و بەش و مافیکی منالان کە لەژیر دەستی ئەودایە ، دەیەویت بەم بر ە رەمزی یە بیخاتەوە ئۆبالی دایك و باوك .

**نموونەی زیندووی جێبەجێبوونی ئەم مافەی منالان :**

هەر ئیستا نمونەی جێبەجێ کردنی ئەم مافە لە هەندیك وولاتی دنیادا بەریوە دەچیت ، بۆ نموونە لە وولاتی سوئیددا مانگانە هەر مندالیك لەو رۆژەوەی لە دایك دەبێ بری ( 950 ) کرۆنی سوئیدی واتە نزیکەی (120 دۆلار ) ی هەیە هەموو 20 ی مانگیك ئەو پارەیە لە ( دائرەی تەئمین ) ەوە لە ریگای بانقەوە دەچیتە سەر حساب بانقی دایك یان باوك . ئەو پارەیە جگە لە پیویستی منالێ دایك و باوك بۆی نی یە بۆ کار و مەسرەفی تر بەکاری بهینیت ئەمە بووەتە عادەت و فەرهەنگی گشتی خەلك . ئەگەر منالیك لە قوتابخانە پیوەی دیار بیت کە کەلك لەو پارەیە وەرناگریت ئەوە بێ کومان لە ریگای قوتابخانەوە دایك و باوك ئاگادار دەکرینەوە یان لە ریگەی دەزگای بەرپرسەوە ئاگادار دەکرینەوە ، ئەم حالەتەش دەگمەنە و چارەسەری دەکەن . ئەمەجگە لە بیمەی تەندروستی منالان و حەقی بەخیوکردنی منالان بۆماوەی 428 رۆژ .

بەهرەمەند بوونی منالان لە داهاتی وولات و ئابووریەکی سەربەخۆی خۆیان سەرەرای دابینکردنی لانی کەمی ژیانی منالان کاریگەریەکی گرنگی لەسەر دروستکردنی کەسایەتی و دەروونی منالان هەیە ، چونکە بە دەستکەوتنی ئەم مافە ئیتر منال وابەستە و چاوەرێی دەست و گیرفانی کەسی تر نی یە ، ناچاری کر وزانەوە و گریان نی یە ، دایك و باوك کە حەز دەکەن منالەکانیان لە خۆیان زیاتر پۆشتە تر و خۆشتر بژین لەگەل منالەکانیان تووشی کیشە و هەراسانی نابن و بواری ئەوەیان بۆ دەر ەخسێ سۆز و خۆشەویستی زیاتر بە منالەکانیان بدەن و دلنیان کە بیکاریش بن یان نەخۆش بن یا ن پیربن و پەکیان بکەویت و نەتوانن کار بکەن بەلام لانی کەمی ژیانی منالەکانیان دابینکراوە . لە وەزعیکی وادا منالێ کۆیلە و چاو لە دەستی کەسی تر نی یە و خاوەنی کەسایەتی سەربەخۆی خۆیەتی ، کەمترین کیشە و نارەزایەتی لەگەل خیزان و دایك و باوکدا هەیە و پەیوەندیەکی پر سۆز و خۆشەویستی پیکەوە گرێیان دەدات .

**بۆچی ئەم مافە تا ئیستا نەسەلمینراوە ؟**

لە عەقلیەت و پراتیکی ئەحزابی دەسەلاتداری کوردستان دا سامان و داهات و بودجەی وولات دەبیتە مولکی حزبی دەسەلاتدار و لە ژیر رکیف و خواستی ئەواندا سەرف دەکریت ، تەنها مەسەلەیەك کە ملیان پێ داوە مووچەی مانگانەی کارمەندان و کریکارانی حکومی دام ودەزگا و کارگە حکومی یەکانە !! ئەویش چەند سالێ بە ئاستیکی ئیجگار کەم و بە شیوەیەکی نیوە ناچل بەریوە دەچوو. بەم شیوەیە سامان و داهاتی وولات چووەتە خەزینەی ئەم دوو حزبە دەسەلاتدارەوە و هەمیشە ئامارەکانی داهات و بودجەی سالانەش نهینی بووە و لە خەلك شاردراوەتەوە . ئەوە راستە کە وەزعی هەلواسراوو نادیاری سیاسی چەند سالی رابردووی کوردستان کاریگەری هەبووە کە دەسەلات لە کوردستاندا لە بەرامبەر بەریوەبردنی کۆمەلگادا دەستە وسان بیت وسەرنجی کۆمەلگا لەسەر کیشە و مەسائیلی تر بووە . بەلام بۆ ئەوان ئەوزاعی سیاسی کوردستان جیگیر بیت یا ناجیگیر جیاوازیەکی نی یە ، دابین کردنی ژیان و بیمەی تەندروستی منالان و بیمەی بیکاری و بیمەی نەخۆشی و بیمەی پیر و پەککەوتەکان لە بەرنامە و نەخشەی ئەواندا نەبووە ، چونکە پێیان وایە خیر و خۆشی و سامان و داهاتی وولاتیش بۆ حزب و مەسئولەکان و میلیشیاو ریکخستنەکانی ئەوانە !!

بێ بەشی منالانی کوردستانیش هەروەکو هەموو خەلکی کوردستان لە داهات و سامانی کوردستان ئاکامی دەسەلاتی ئەحزابی چەکدارە کە بە مەنتیقی هیز و کۆنترۆل کردنی سامان و داهاتی وولات مامەلە دەکات لەگەل خەلك و کۆمەلدا .

بەدیهینانی تەواوی ئەم خواستە ئینسانی یانە پەیوەستە بە پەرەسەندن و بەهیزبوونی بەرەی تەمدن و چەپ و ئازادیخوازی لە کومەلگادا . بەلام هەر ئەمرۆ زەمینەی ئەوە لە ئارادایە کە لە هەلمەت و کەمپینیکی بەردەوام و خیرادا سەرنج و پشتیوانی کۆمەلگا بۆ ئەم خواستە ئینسانی یانەی منالان رابکیشین ، چونکە مەسەلەی منالان مەسەلەیەکی کۆمەلایەتی حەساسە و لەگەل هەست و ویژدانی ملیۆنی خەلکدا ئاویتە بووە ، باشتر بوونی وەزعی منالانیش لە دەستی منالان خۆیاندا نی یە بووەتە ئەرکیکی ئینسانە گەورەکان . هاوکات سەرنج و هەلویستی نیهاد و ریکخراوە و ئەحزابەکان بۆ لایەنگری لەم خواستە ئینسانی یەی منالان گرنگیەکی چارەنووسازی هەیە لە جێبەجێکردنی هەرئیستای ئەم خواستەی منالان لە کوردستاندا ، دەبێ مەسەلەی منالان و ئەم خواستە و مافەکانیان بە زوویی بخەینە سەر میزی حزبە دەسەلاتدارەکان و ئیدارەکانیان لە بەرامبەر پشتیوانی و رای گشتی کۆمەلگادا رایان بگرین ناچار بە قبولێ کردنی مافە مەدەنی یەکانی منالانیان بکەین , ئەگەر نا ئەم مافە و باقی مافە مەدەنیەکانی خەلك بە گشتی و منالان بەتایبەتی بخەینە گرەوی دامەزراندنی دەسەلاتیکی مەدەنی لە کوردستاندا .

## پاشماوەی .... سەرووتار

هەموو ئەم کیشانە و چارەسەر کردنیشیان لە ئەستۆی دەیەلاتدارانی کوردستان و دەزگا حکومی یە تاییەتەکاندایە.

هەر بۆیە لەم رۆژەدا بانگەوازی هەموو خەلکی کوردستان ئەکەین کە بۆ دەرباز کردنی منالەکانیان و بەهرەمەند بوونیان لە ژیانیکی ئینسانی خواستی ( دابین کردنی مووچەی مانگانە بۆ منالانی خوار ( 16 ) سال لە داهات و بوودجەی حکوومەت، دابین کردنی بیمەی تەندرووستی ،لە قانووندا لیدان و وترساندنی منالان قەدەغە بکریت ) بەدەستەوە بگرن . هاوکات داوا لە دەسەلاتداران و سەرجەم ریکخراوەو حیزبە سیاسی یەکان ی کوردستان دەکەین کە بۆ جی بە جی کردنی ئەم ماف و خواستانەی منالان دەست بە جی هەلویستی جدی نیشان بدەن و هەنگاو بنین .

# چاوپێکەوتن لەگەڵ یاد عبدالکریم سەرۆکی پەرلەمانی منالانی جیهان

دنیای منالان : سەرەتا خۆشحالین چاومان پێت کەوت . دەتوانی خۆت بناسێنیت ؟

یاد : سەرەتا منیش زۆر خۆشحالم بە هاتنتان زۆر سوپاستان دەکەم . ناوم یاد عبدالکریم قادر تەمەنم چواردە ساڵە دانیشتوی شاری سلێمانیم لە ناوەندی شەهید جەبار دەخوێنم .

دنیای منالان : بەناوی سەنتەری بەرگری لەمافەکانی منالانی کوردستانەوە و دنیای منالانەوە بە بۆنەی رۆژی جیهانی منالانەوە گەرمترین و جوانترین پیرۆزباییت لێ دەکەین.

یاد : زۆر سوپاس ، هەروەها منیش پیرۆزبایی لە هەموو منالانی جیهان دەکەم بە بۆنەی ئەم رۆژە پیرۆزەوە .

دنیای منالان : دەتوانی سەبارەت بە پۆستی خۆت لە پەرلەمانی منالانی جیهان بۆمان بدوێیت ؟

یاد: سەبارەت بەم پۆستەی کە بە دەستم هێنا سەرەتا رێکخراوی منالپارێزی کوردستان هاتنە خوێندنگاکەمان و هەڵبژاردنێکیان کرد بۆ ئەوەی دوو ئەندام هەڵبژێرن کە نوێنەرایەتی عێراق بکەن لە هەموو پەرلەمانی منالانی جیهان دا لە فنلەندا کە هەمووساڵێك دەکرێت . رۆژا ماکوان لە ناوەندی سلێمانی ئەهلی کچان و منیش لە ناوەندی شەهید جەبار هەلبژێردراین . دوای ئەوە کە چووین بۆ ئەوێ لەوێ سەرۆکی پەرلەمان هەبوو بەڵام ماوەکەی تەواو بوو لە سەرۆکایەتیەکەی ، هەلبژاردن کرا نزیکەی یانزە منال لە خوار هەژدە سالەوە خۆی پالاوت زۆرترین دەنگ من بەدەستم هینا کە سیانزە دەنگ بوو .

دنیای منالان : ئەو پەرلەمانەی ئێوە داوای چی دەکات ؟

یاد : ئیشی پەرلەمانەکە بۆ چەسپاندنی مافەکانی منالانە کە لە چەند بەندیکدا هەیە لە هەموو وولاتەکان بەتایبەتی لەو وولاتانەی کە تا ئیستا شەرە و دوواکەوتوویی تیایە وەکو وولاتی عیراق .

دنیای منالان : سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالانی کوردستان بۆ بەدەستهینانی یەکیك لە مافە گرنگەکانی منالان داوای دابینکردنی مووچەی مانگانە بۆ هەموو



منالێکی خوار شانزە سال لە داهات و بودجەی حکومەت دەکات ، تۆ لەم بارەیەوە هەلوێستت چی یە ؟

یاد : دابین کردنی ئەو بودجەیە بۆ منالان بیرۆکەیەکی زۆر باشە . لە زۆربەی وولاتە ئەوروپی یەکان منال پێش ئەوەی لە دایکیش بێت یان دوای ئەوەی لە دایك دەبێ هەتا تەمەنێکی دیاریکراو بودجەیەکی دیاریکراوی خۆی هەیە کە پێی ئەوترێ سۆشیال . تەقریبەن بێجگە لە منالان هەموو کەسێك ئەو بودجەیەی هەیە . بەلام هەتا ئێستا لە عێراق ئەم مافە بۆ منالان نەبووە . پێویستیشە ئەم مافە بۆ منالان هەبێت لەبەرئەوە داوا دەکەم لە حکومەت لە داهاتی حکومەت کە بدرێت بە هەموو ئەو منالانەی لە خوار هەژدە سالەوەن کە بتوانن خۆیانی پێ بژێنن .

دنیای منالان : هەروەکو ئاگاداریت تا ئێستا لە مالان و قوتابخانەدا لە منال دەدرێت و دەترسێنرێت . ئێمە لەم بارەیەوە داوای ئەوە دەکەین کە لە قانون دا لیدان و ترساندن منالان لە هەر شوینیك بیت قەدەغە بکریت و ئەنجام دەرانی سزاا بدریت . تۆ لەم بارەیەوە هەلویستت چی یە ؟

یاد : بە داخەوە بۆ ئەو دیاردانە کە لە کوردستان داا زۆرە بە تایبەتی لە قوتابخانەکاندا، لە مالەوە بەگشتی گەورەکان هیچ مافیك بۆ منالان دانانین بە تایبەتی بۆ مامۆستا کە بۆ ئەوە دانراوە زانست فیری منال بکات و پەروەردەی بکات بەلام بە لیدان و بە زۆر و چەند شتیکی تر فیری دەکەن ، یان لە مالەوە لیی دەدەن و بەزۆر ئیشی پێ دەکەن و نایەلن بخوینن . ئەمانە دەبێ هەمووی قەدەغە بکریت و هیچ ئاسەواریکی نەمینیت لە کوردستان دا .

دنیای منالان : دوا قسەت چی یە ؟

یاد : من وەکو سەرۆکی پەرلەمانی هەموو منالانی جیهان داوا لە دەسەلاتی کوردستان دەکەم یاسایەك دابنێ بۆ قەدەغەکردنی کارکردنی منالان و ئیشکردن پێیان بە تایبەتی کاری قورس. هەروەها داوایان لی دەکەم کە بودجەیەك دابنین بۆ منالان نەك کار بکەن بەلکو بەو بودجەیە ژیانی خۆیان و قوتابخانەیان دابین ببیت و پال نەداتە کارکردن . ئەم ئیشەش دەبێ بە زوویی جێ بە جێ بکریت .

هەروەها وەکو سەرۆکی پەرلەمانی هەموو منالانی جیهان داوا دەکەم جگە لە بودجەی تایبەت بۆ ژیانی منالان لە دەستوری داهاتووی عیراق دا ئەو مافانەی منال دابنریت لە دەستورەکەدا و جێبەجێ بکریت. وەکو قەدەغەکردنی لیدان ، قەدەغەکردنی ئیش پێکردنی منال ، هەروەها سیستمی خویندن لە عیرا ق دا لە کوردستانیشدا نەگەیشتووەتە ئاستیك کە منال کەلکی باشی لی وەربگریت زۆر جار منالان بەهۆی توند و تیژی و سیستمی خویندنەوە واز لە قوتابخانە دەهینن ، دەبێ ئەو سیستمە نەمینێ و سیستمیکی پیشکەوتوو وەکو ئەو وولاتە پیشکەوتووانە دابنریت .

دەبێ منالانیش خۆیان ئەو مافانە دابنین و ئاگاداری دانانی ئەو یاسا و مافانە بن کە دادەنرین ، خۆیان سەرپەرشتی ئەو مافانە بکەن کە لەو دەستورەدا دادەنرین .

دنیای منالان : لە کۆتایی دا دووبارە پیرۆزبایی رۆژی جیهانی منال لە تۆ و گشت مالانی جیهان دەکەین . هیوای سەرکەوتنت بۆ دەخوازین .

یاد : منیش سوپاستان دەکەم و زۆر خۆشحال بووم .

## دریژەی ، دابین کردنی مافی مندال ....

بگرین بە دوبارەبوونەوەی سیناریۆیەکی تەلخ کە خۆمان بە قیمەتی تەمەن باجەکەیمان داوەو نەوەکانیشمان بە هەمان نرخ تێی دەپەرینن! ئەم پەیامە پەیامیکی ئینسانییە. ئەرکیکی پرشانازییە بەرامبەر بە جگەرگۆشەکانمان کە ئامادەین بوونو نەبوونمانیان بۆ دابنیین! راحەتکردنی ویژدانی ئینسانیو قەرەبوکردنەوەی رۆژگاریکی تالی ژیانی خۆمانە بۆ نەوەکانی دوای خۆمان.

پیوەری ئینسانی بوونو ئازادبوونی هەر کۆمەلگایەك بەندە بەوەی کە تا چ رادەیەك مافەکانی منالو شەخسیەتو حورمەتی منال تییدا پاریزراوە. لە کۆمەلگایەکدا کە منال برسی نەبیت، بێ پیلاوو جلوبەرگ نەبیت، خویندنو تەندروستیو جیگای ژیانو حەوانەوەی دابین کرابیت، پیداویستیەکانی خۆشیو سەرگەرمیو شادیی بۆ دەستەبەر کرابیت، کاری پێ نەکریتو کارپیکردنی منال وەکو تاوان بژمیردریت لە لایەن دەولەتەوە، لەبەرامبەر توندوتیژی جەستەیی گەورەکاندا پاریزراو بیت، میشکی منال لە کاریگەری بیربۆچوونە خورافی یە ئاینیو نازانستیەکان چ لە قوتابخانەو چ لە ناو خیزاندا بپاریزریت، راکیشانی منال بۆ ناو کاری سیاسیو ریکخراوەییو سەربازی قەدەغە بیتو ئەنجامدانی لەلایەن هەر دەزگاو لایەنیکەوە بە تاوان دابنریتو روبەرووی لیپرسینەوەی یاسایی بیتەوە، شەخسیەتی کۆمەلایەتیو ئینسانی منال لەناو خیزانو لە کۆمەلگادا ریزی لی بگیریتو... تاد. گومانی تیدا نییە کە ئەو کۆمەلگایە چەند هەنگاوی بەباری نزیك بوونەوە لە کۆمەلگایەکی ئینسانیدا هەلهیناوەتەوە. گومانی تیدا نییە کە لەو کۆمەلگایەدا گەورەکانیش وەکو ئیستا بیمافو نایەکسانو سەرکوتکراو نین، لە ئازادی زیاتر بەهرەمەندن. شەخسیەتیان پاریزراوترە، ژیانیان دابینکراوترو کەم دەردیسەرترە...

لەم بارەیەوە دیفاعکردنی گەورەکان لە مافەکانی منال بە مانای دیفاعکردنیانە لە مافو ئازادیو حورمەتو شەخسیەتی ئینسانی خۆیان. دیفاعکردنیانە لە دامەرزاندنی پیوانە ئینسانیەکانو لە دامەزراندنی کۆمەلگایەکی ئازادو یەکسانو کۆمەلگایەکی شایستە بە ئینسانی هاوچەرخ!

بۆیە جێی خۆیەتی کە بەبۆنەی رۆژی جیهانیی منالەوە ئەو مەسەلە سەرەکییانەی لە ئیستادا چوارچیوەی مافە سەرەکیەکانی منال پیکدەهینیت، بخریتە بەردەم کۆمەلگا، هاوکاتیش داوا لە دەسەلاتو حکومەت بکریت کە لە ئاستی کوردستاندا وەکو کۆمەلیك بەندی یاسایی رەسمیەتی پێ بداتو جێبەجێی بکاتو هەموو کەسو لایەنیکیش چ لە ناو خیزانو چ لە ناو دامەزراوەکانی خویندنو پەروەردەو چ لە ئاستی فراوانی کۆمەلایەتیدا بە رەچاوکردنو جێبەجیکردنی ئەو یاسایانە وەکو مافی بێئەملاولای منال پابەند بکرین و ئەوانەی سەرپیچی دەکەن تووشی لیپرسینەوەی یاسایی بن!

1-مافی ژیانو دابینبوونی گوزەران: منالانی کوردستان جیاواز لە ئاستی گوزەرانو بژیوی خیزانەکانیان پیویستە لە لایەن دەولەتەوە دەبیت دابین بکریت. دەبیت پیداویستی یەکانی ژیانی ئارامو ئاسودەی منالانە لە خواردنوجلوبەرگ، شیرخۆرگەو باخچەی ساوایان، لە خزمەتگوزارییە تەندروستیو پزیشکیەکان، پیداویستییەکانی یاریو سەرگەرمیو کات بەسەر بردنیان بۆ دابین بکریت.

2- مافی خویندن: پیویستە منالان، بەهرەمەند بن لە خویندنی ئیجباری و خۆرایی تا تەمەنی منالی تەواو دەکەن. هاوکات لەگەل بەهرەمەندبوون لە پیداویستیە هاوچەرخەکانو پرۆگرامی پیشکەوتووی خویندنو پەروەردەی هاوچەرخ.

3-پاراستنی جەستەو شەخسیەتی کۆمەلایەتی منال: دەبیت منال لە بەرامبەر هەر جۆرە بەکارهینانیکی توندو تیژی جەستەییو دەرونیدا لە لایەن خیزانو لە قوتابخانەو لە ناو کۆمەلگادا پاریزراو بیت. لیدانو سوکایەتیکردن بە منال وەکو تاوان تەماشا بکریت.. ئەو دەزگاو دامەزراوو کەسانەی سەرپیچی لەمە دەکەن پیویستە روبەروی لیپرسینەوەی یاسایی ببنەوە.

لە کۆتاییدا پیویستە ئەوە بلیم کە ئەم چەند خالەی لیرەدا ئاماژەم پیکردوون، سەرخەتی مافە بنەرەتیەکانی منالە. دابینکردنی ئەم مافانە لە کۆمەلگای کوردستاندا تەکانیك بەم کۆمەلگایە دەدات بەرەو پیشەوە لە پەیوەند بە مافو ئازادیەکانی ئینسانەوە. دابینبوونو جێبەجیبوونی ئەم مافانە بەستراوەتەوە بە خەباتی لیبراوانەی هەموو ئەو ئینسانە ئازادیخوازو ئەو ریکخراوو لایەنە پیشکەوتنخوازانەی کە چاویان لە ژیانیکی یەکسانو ئاسودەو خۆشگوزەران بریوە بۆ خەلکی کوردستان بە گشتی و منالانی کوردستانیش بەتایبەتی. با پیکەوە بۆ بەجێگەیاندنی ئەم پەیامە پر لە شانازیە ئینسانیە بینە مەیدانو قۆلی لی هەلمالین....

# خۆ سووتاندنی ( عادل ) قووتابی پۆلی شەشەمی سەرەتایی تراژیدیایەکی تری سیستەمی خویندن و مامەلەی تووندو تیژو دواکەوتووانەی ناو قووتابخانەکان

رۆژی 5 / 5 /2004 عادل مەحمود عارف خویندکاریکی پۆلی شەشەمی قوتابخانەی سلیمانی سەرەتایی تیکەل بەهۆی کیشەیەکەوە لەگەل قوتابییەکی تردا دوای دەخالەت و پیداگری و هەرەشەی بەریوەبەری قوتابخانەکەی : ( کە دەبێ باوکت بیت بۆ قوتابخانە ، ناهیلم بەشداری ئیمتیحان بکەیت ) سەرەنجام عادل بەدەم ترس و دلەراوکێ و خۆزگەی بەشداربوونی لە ئیمتیحان دا توشی حالتیکی دەرونی خراپ دەبێ و خۆی دەسوتینیت و دوای ٣ رۆژ گیان لە دەست دەدات .

ئەمە یەکەم جارنی یە رووداوو کارەساتی لەم جۆرە دەبیستین ، ماوەیەك لەمەوبەر لە شاری هەولیر ٢ قوتابی کچی قۆناغی ناوەندی بەهۆی پشکنین و گرتنی نامەی تایبەتی گیرفانیان و پیداگری بەریوەبەری قوتابخانەکەیان کە دەبێ باوکیان بیت بۆ قوتابخانە خۆیان سوتاند . ئەمە سەرەرای دیاردەی بەردەوامی لیدان و ترساندن و تورەبوون لە مندالان ... هتد ، هەموو ئەم رووداوو دیاردانە نیشانی دەدات کە لە سیستمی خویندن و پەروەردەدا قانوون و یاسایەك بۆ پاراستنی ماف و کەسایەتی و ئازادی خویندکار لە ئارادا نی یە ئەمەش فرسەت و بواری زیاتری بۆ زالبوونی بیروباوەر و مامەلەی دواکەوتووانە و کۆنەپەرستانەی پشکنین و دەخالەت کردن لە ژیان و کیشەی تایبەتی خویندکاران و ترساندنیان خولقاندووە ، ئەوەی کە ئەمرۆ لە قوتابخانەدا بەریوە دەچێ و پیادە دەکرێ ، پەیوەندیەك کە لە نیوان مامۆستا و قوتابی دا هەیە ،زیاتر لە یاسا و پەیوەندی ناو سەربازگە دەچێ کە ئینسانی بچووك تیایدا بێ ماف و ملکەچی ئینسانی گەورە و خاوەن بریار و دەسەلاتە. بەلام منالان بۆ ئەوەی لە قوتابخانەکاندا فیری خویندن و نوسین و وەرزش و وینە .. بن پیویستە لە پەیوەندیەکی ئینسانی و کەش و هەوایەکی ئازاد و کراوەدا بن کە هەست بە هیزیکی لە خۆیان گەورەتر و ترس و دلەراوکێ نەکەن . لە سیستمی مەدەنی و هاوچەرخدا مامۆستا یان بەریوەبەر لە خویندکار گەورەتر و زیاتر نین ، لیدان و ترساندن بە کەم سەیرکردن و شکاندنی منالان تاوانیکی گەورەیە لە قانون دا لیی دەپرسریتەوە و حوکمی بەسەردا دەدریت .

هەربۆیە ئیمە سەرەرای پرسە و سەرەخۆشی خۆمان لە دایك و باوك و کەس و کاری عادل ، هاوکات بە توندی ئیدانەی مامەلەی توند و تیژی بەریوەبەری قوتابخانەی سلیمانی سەرەتایی تیکەل دەکەین . هاوکات وەزارەتی پەروەردە بە بەرپرس دەزانین کە لە بەرامبەر ئەم رووداوە راچلەکینەرەی چوارچیوەی سنوری خۆیدا بێ دەنگی لی کردووە و هیچ راگەیاندن و هەلویستیکی ئاشکرای نەبووە . بێدەنگی لە ئاستی رووداوی لەم جۆرەدا زەمینە بۆ رووداوو پیشیلکاری زیاتر لە قوتابخانەکاندا خۆش دەکات ، پیویستە وەزارەتی پەروەردە بە رەسمی هەلویستی خۆی لەم رووداوە رابگەیەنیت و لیکۆلینەوە و لیپرسینەوە لەگەل بەریوەبەری ئەو قوتابخانەیەدا بکات ، چی تر ریگا نەدات هەر جۆرە فشار و ترساندن و ئازاردانیکی فیزیکی و دەروونی منالان و مامەلەیەکی دوواکەوتووانە لە قوتابخانەکانەکاندا بەریوە بچیت.

دەبێ سیستمی کۆن لە قوتابخانەکاندا هەلوەشیتەوە و لە جیگەیدا سیستمیکی مۆدیرن و ئینسانی بەریوە بچیت . سیستمیك کە تیایدا گەورەیی مامۆستایان لەوەدایە خۆیان لە منالان بە گەورەتر نەزانن و ئازاری منالان نەدەن و نەیان ترسینن ، ببنە هاورێ و خۆشەویستی منالان .

سەنتەری بەرگری
لە مافەکانی منالانی کوردستان
2004 / 5 /15

**پاشماوەی سەنتەری بەرگری لە منالان بەم زووانە.....**

راستەوخۆ بەریوەبەر لە قوتابخانە دەری دەکات و پێی دەلی بە هیچ شیوەیەك نەیەیتەوە .

3 ـ هەرەشە و ترساندنی عادل بەوەی کە ناهیلم بەشداری ئیمتیحانی بەکەلۆری بکەیت لە کاتیکا خۆی داخلی بەکەلۆری بووە

4ـ ترساندنی عادل بەوەی کە بە هیچ شیوەیەك نەیەیتەوە تا باوکت نەهینیت ، ناردنی نوینەریك بۆ مالەوەیان بۆ تەئکید کردنەوە لەسەر هاتنی باوکی . ئەمە لە لایەکەوە سرینەوەی کەسایەتی دایك و مافی دایکە لە چارەسەری کیشەی منالەکەیدا. لە لایەکی تریشەوە شان خالی کردنەوەی بەریوەبەر و تویژەرەوەی کۆمەلایەتی یە لە چارەسەری کیشەی قوتابییاندا و سپاردنی بە ترساندنی منالان بە باوك .

ب ـ بەریوەبەری قوتابخانەکە تا ئیستا هۆکاری خۆ سووتاندنی عادل دەگیریتەوە بۆ ئەوەی کە عادل زۆر لە باوکی دەترسیت و باوکیکی دل رەقەو لەوە ترساوە موحاسەبەی بکات بۆیە خۆی سووتاندووە . بەلام باوکی عادل لەم رووداوەدا هیچ ئاگاداری و دەخالەتیکی نەبووە ، ئەگەر بە پێی قسەکەی ئەویش بیت کە باوکیکی دل رەقە و لە ترسی موحاسەبەی باوکی خۆی سووتاندووە ئەوە عوزر لە قەباعەت خراپترە . یەکەم ئەگەر باوکی عادلیش کەسیکی وا بیت ( کە خۆی رایگەیاندووەوانی یە) بەلام ئەوە بەریوەبەرەکەیە کە عادلی بە باوکی ترساندووە و باوکی ئاگاداری هیچ نەبووە ، پاشان ئەگەر ئەو لیکدانەوە و هەلسەنگاندنیکی ئاوای لەسەر باوکی عادل هەیە چۆن داوای باوکی دەکات و بە هیوای چارەسەری چ کیشەیەك داوای دەکات و ریگا بە دایکی نادات ؟

هەربۆیە ئیمە داوای لیکۆلینەوەی یاسایی لە دادگا ، دەکەین. لە بەرامبەردا ئیمە وەکو ریکخراویکی بەرپرس لە بەرامبەر پاراستنی کەسایەتی و مافەکانی منالاندا لە ریگای پاریزەری تایبەتەوە لەنزیك ترین کاتدا شکایەتی خۆمان لە دادگای سلیمانی سەبارەت بەو رووداوە تۆمار دەکەین، هاوکات داواکارین دەست بەجێ وەزارەتی پەروەردەو دەزگا بەرپرسەکان ئیجرائاتی یاسایی خۆیان لە بەرامبەریدا بکەن . ئەمە تەنیا ریگایەکە بۆ بەرگرتن بە دوبارە بوونەوەی دیاردەی سوکایەتی و شکاندن و لیدان و ترساندنی منالان لە قوتابخانەدا تا چی تر لە هیچ قوتابخانەیەکی تردا رووداو و پیشیلکاری لەو چەشنە لە بەرامبەر منالاندا دووبارە نەبیتەوە .

2004\5\22

# چاوپیکەوتن لەگەل بریکاری وەزیری پەروەردە بەریز ( عمر حەمەسالح ) سەبارەت بە رووداوی خۆ سووتاندنی خویندکار ( عادل )

**دنیای منالان :** بەریزت ئاگاداری رووداوی خۆسووتاندنی عادل قوتابی لە قوتابخانەی سلیمانی سەرەتاییت ، بەلام تا ئیستا بەریوەبەرایەتی پەروەردە هیچ راگەیاندنیکی رانەگەیاندووە ، بۆچی ؟

**بریکاری وەزیر :** دیارە رووداویکی ئاوا خۆسووتاندنی قوتابی یەك بۆ خۆی ئەتوانم بلیم کاریسەیە بە راستی .شتیکی زۆرناخۆشە منالیك لە سەرەتای تەمەندا بیت و بسووتیت . من لە ریگەی رۆژنامەکەی ئیوەشەوە جاریکی تر پرسە و سەرەخۆشی خۆم وەکو وەزارەتی پەروەردە و وەکو خۆشم بە خزم و کەس و کار و مامۆستاکان و قوتابی و خۆشەویستانی ئەو قوتابی یە ژیکەلەیە دەگەیەنم . هیوادارم رووداوی لەو جۆرە لە کوردستانی ئازاد و لەناو قوتابخانەکانیشماندا کە شوین و کەنالی پەروەردەین روونەدات .

من رۆژی هەینی ئیوارەکەی بیستم کە قوتابی یەکی قوتابخانەی سلیمانی سەرەتایی خۆی سووتاندووە ، بەیانی زوو سەعات هەشت و چارەکی بەیانی خۆم گەیاندە قوتابخانەکە و مامۆستاکانم کۆکردەوە و پرسە و سەرەخۆشی خۆم پێ راگەیاندن ، دیارە مامۆستاکان زۆر غەمبار بوون قوتابی یەکان زۆر غەمبار بوون کاتی تاقی کردنەوەکان بوو . دوای ئەوەی کە مامۆستاکانم کۆکردەوە و زۆر لەسەر ئەو کیشەیە قسەمان کرد . بەریوەبەر و مامۆستاکان و یاریدەدەرەکانیش قسەوباسیان لەسەر ئەوەکرد کە ئەو قوتابی یە چەند رۆژیك پیش ئەوە کیشەیەکی کردووە لەگەل هاو پۆلیکی خۆیدا کە قوتابی یەکی کچ بووە و شەریان بووە و دەستی خستووەتە بینی و ئازاری پێ گەیاندووە . قوتابی یەکەش چووە شکاتی لی کردووە لە ئیدارە . کە شکاتی کردووە مامۆستاکان و بەریوەبەرەکە وایان بەمن راگەیاند کە چەند جاریك ئەم قوتابی یە کیشەی بووە خۆیان نەسیحەتیان کردووە ئەمجارەش ناردوویانە بە شوین باوکیا ووتوویانە با باوکت ئاگاداری کیشەکە بیت ، ئەو کەسەی چووە تەبلیغی باوکی بکات دایکی لەوێ بووە ، دایکی ووتوویەتی باوکی لیرە نی یە با خۆم بیم پێیان ووتووە با باوکی بیت بەریوەبەر داوای باوکی کردووە . ئەوان وایان گەیاند ئەو رۆژە دووا نیوەرۆکەی ئەو منالە خۆی سووتاندووە .

ئەوان هۆکاری خۆ سووتاندنەکەیان بۆ ئەوە دەگیرایەوە کە ئەم قوتابی یە زۆر لە باوکی دەترسیت و باوکیکی دل رەقی هەیە و لەوە ترساوە موحاسەبەی بکات بۆیە خۆی سووتاندووە ، لەترسی موحاسەبەکردنی باوکی خۆی سووتاندووە .

من پرسیاری ئەوەم کرد ئایا ئەوان لە قوتابخانە تویژەرەوەی کۆمەلایەتیان هەیە ؟ ووتیان بەلێ هەمانە . من لە تویژەری کۆمەلایەتیەکەم پرسی ئایائەم منالە جاری تر کیشەی بووە ؟ تویژەرەوەکە باسی ئەوەی کرد چەند جاریك کیشەی بووە لە مالەوە خەمۆکی بووە منالەکانی رەفیقی باسی ئەوەیان کردووە کە زۆر دلی بە ژیان خۆش نەبووە . پاش ئەوەی هاتمەوە بۆ وەزارەت لە وەزارەت قسەم کرد لەگەل نوسینگەی بەریوەبەری گشتی پەروەردەی سلیمانی چونکە قوتابخانەکە لە سنوری دەسەلاتی ئەواندایە ، قسەم لەگەل کردن کە بە زووترین کات لیژنەیەکی لیکۆلینەوە دروست بکەن بۆ لیکۆلینەوە لە هۆکار و ئەو کیشە و گرفتانەی بووەتە هۆکاری خۆسووتاندنی ئەم منالە.

**دنیای منالان :** دوای ئەوەی ئەو لیژنەیە دروست بووە لیکۆلینەوەکان بە چی گەیشتووە؟

**بریکاری وەزیر :** ئیمە وەکو وەزارەتی پەروەردە ئەمرمان کردووە لیژنەی لیکۆلینەوە دروست بیت ، لیژنەکە دروست بووە . دیارە لیکۆلینەوە بۆ کاریکی ئاوا گران و پەیوەستە بە ژیانی منالیکەوە کۆمەلیك سەرەداوو زانیاری باشی دەویت و لیکۆلینەوەیەکی چر و پری دەویت بتوانن وەلامیکی یەکلاکەرەوەیان دەست بکەوێ . کاتی ئەوێ بەلام زۆریش نا . ئیمە دیسان جەخت لەسەر ئەوە دەکەین کە لیژنەی لیکۆلینەوەکە لە زووترین کات کارەکانی خۆی تەواو بکات . بۆ ئەوەی بتوانین ئەگەر رووداوەکە رووداویکی ئەوەبووە کە کەسی لە پشتەوە نەبووە هەر خۆی کیشەیەکی دەروونی بووە و هەر شتەکە ناو خیزانی خۆیان بووە ئەوا خیزانەکەی خۆیان بەرپرسیارن بەرامبەر بە ئەنجامەکەی ، ئەگەر مامۆستایانی ئیمە یان بەریوەبەرەکە یا هەر کەسیکی تر لە خیزانی پەروەردەیی لە ئاست ئەو کیشەیەدا کەمتەرخەمە و یان هۆکار و

بۆل-7

# چاوپیکەوتن لەگەل دایکی( عادل )

## ( دایکی عادل : نابێ قەت قەت مامۆستا و مودیر توند و تیژ بن لەگەڵ تەلەبەیا )

ئامادەکردنی: هونەرعەلی

**دنیای منالأن** : سەرەتا دەمانەوێ بزانین ئەم رووداوە چۆن رووی داوە و قسەتان چی یە لەسەر ئەم رووداوە ؟

**دایکی عادل** : بەیانی زوو عادل چوو بۆ مەکتەب سەعات نۆ ، کە ئەچیت بۆ مەکتەب دوو تەلەبە شەر دەکەن ئایا کچ و کورە یان هەر کچن هەردووکیان کە شەر ئەکەن نازانم ، عادل ئەلێ بۆ شەر ئەکەن ، کچەکە دەم ئەکاتەوە و بە کورەکەی من ئەلیت (خویری ) کورەکەی منیش تۆزێ میشکی گەرم ئەبیت پێی ناخۆشە سەری ئەگریت و سەری ئەدا بە دیوارەکەدا . کچەکە ر ادەکات ئەچیت بۆ لای مامۆستا ( نیهاد ) مامۆستا نیهاد مودیری مەکتەبی سلیمانی یە ، ئەویش ئەلیت عادلم بۆ بانگ بکەن . عادل بانگ ئەکات لەبەر چاوی هەموو تەلەبەکان عادل دەر دەکات ئەلیت بە هیچ شیوەیەك نەیەیتەوە بەم مەکتەبەدا .

**دنیای منالأن** : پێی ئەلیت دایك و باوکت بانگ بکە ؟

دایکی عادل : ئەلیت باوکت بهینە . باسی من ناکات ئەلێ باوکت بهینە . تەبعەن من عادلم نەبینیوە بەم حسابە کە دەرکراوە نایەتەوە بۆ مالەوە چوار دەوری زەرگەتە هەموی ئەگەریت بەم خەمەوە ئەچیت بۆ لای رەفیقەکانی .خۆیان بۆ منیان باس کردووە هەر مەکتەبی سلیمانی هاتوون بۆ منیان باس کردووە .

**دنیای منالأن** : تەلەبەکان هاتوون ؟

**دایکی عادل** : نا ، لیپرسراویکیان هەیە .

دنیای منالأن : تویژەرەوەی کۆمەلأیەتی ؟

**دایکی عادل** : بەلێ ئەو هات بۆی باس کردم . بە هەموویان ئەلێ ( گەردنم ئازا کەن ) عادل ئەم قسانە ئەکا: من خەفەتیکی ئاوا گەورە لە دلمایە شتیکی ئاوا بووە و مامۆستا نیهاد منی دەرکردووە .

باوکی نیوەرۆ هاتەوە . تەبعەن پیش ئەوەی باوکی بیتەوە دوو کاتبە هاتنە سەر من لە مەکتەبەکەوە ، ووتی : عادل شتیکی وای کردووە مامۆستا نیهاد ئەلێ بە هیچ شیوەیەك خۆی نەیەت باوکی نەبێ .منیش لەویدا دەمم کردەوە ووتم بەسەرچاو ، هەر ئەوەندە پیم ووتن هەتا ووتیشم ئاویشتان بۆ بینم ( بە کاتبەکان ) رۆیشتن .

دنیای منالأن : سەعات چەند بوو کاتبەکان هاتن ؟

**دایکی عادل** : کاتبەکان دەوری سەعات یانزە و نیو . ئەوان رۆیشتن باوکی هاتەوە . ووتی برسیمە خیرا نانم بۆ هیناو چام بۆ هیناو ، ئەو نانی خوارد و ووتم ناخەویت ؟ ووتی : نا ، شتم بۆ هاتووە ئەچم بەلای شتەکانەوە تەبعەن من نەشم گیرایەوە بلیم شتیکی وابووە و کاتبە هاتووە . ووتی چۆنە عادل نەهاتووەتەوە ؟ ووتم عادل دەرسی ئیزافی هەیە ، یەعنی لەبەرئەوەی شتەکە زل نەبێ و ووتم هەتا بەیانی خۆم موشکیلەکە حەل ئەکەم . باوکی رۆی . تۆزی بە چواردەوری کۆلأنا گەرام عادل نەبوو دەوری سەعاتی پیش بانگی عەسر بوو .هاتم لەم ژوورەیا خواردنم بۆ حازر کردبوو داوای پەتاتەی ئەکرد بۆم سوور کردبووەوە لەناو تاوەکەدا .

**دنیای منالأن** : کە بینیت وەزعی نەفسی چۆن بوو کە هاتەوە بۆ مالەوە ؟

**دایکی عادل** : کە هاتەوە ئیستا بۆت ئەگیرمەوە . تەبعەن خۆیشم رەش داگیرسابووم لە خەفەتا. دەوری سەعات دوو هاتەوە ، لیم پرسی لە بەیانی یەوە رۆیشتووی بۆ نایەیتەوە برسیت نی یە ؟ ووتی دایە لەفەی هەمبەرگرم خواردووە . لیم پرسی ئەی یەعنی چی تۆ لەسەعات نۆ وە رۆیشتووی ئیستا سەعات دووە ؟ ووتی زۆر بیزارم زۆر بێ تاقەتم .لیم پرسی کیشەکەت چی یە ؟ ووتی دایە گیان هیچ کیشەیەکم نی یە تەنیا ئەوە نەبیت دوو تەلەبە شەریان کردووە منیش ناوبژیم کردوون کەچی یەکیکیان قسەی ناشیرینی پێ ووتم منیش تەحەمولم نەبووە سەرم کیشاوە بە دیوارەکەدا و بەریوەبەرەکەش پێی ووتوم تا باوکت نەهینی نەیەیتەوە بۆ مەکتەب .

**دنیای منالأن** : ئایا بەریوەبەرەکە پێی ووتبوو داخلت ناکەم لە تاقی کردنەوەی بەکەلۆری ؟

**دایکی عادل** : بەلێ وای پێ وتووە . عادل ووتی : وای شکاندووم لەبەرچاوی قوتابییەکان وام لی هاتووە خۆم لەبەرچاو کەوتووە خەریکم دەمرم ! منیش بەسەریا هاتم ووتم قەیناکە بە ساقەت بم بەیانی بەهەر شیوەیەك بیت خۆم دیم لەگەلتا هیچ ئەوە موشکیلە نی یە . هەتا دەستی کردە ملم و پشتی ماچ کردم لە دواوە . بەس کورەکەم باوەرت هەبێ وەکو ئەو کراسە رەش داگیرسابوو . هەردووکمان پاڵ کەوتین لە پرا کورە هەستایە سەر پێ خەریك بوو خەویشی لی بکەوێ لە پەنا منا ، هەستایە سەر پێ و بەتانی یەکەی فرێدا و رۆی بەرەو دەرگاکە کەرۆی منیش داچلەکیم لەگەل ئەوا و شوینی کەوتم ، ئاوا رۆی بەسەر شۆستەی بەر دەرگاکەماندا . کە بینیم ووتم بەشکو بروات ئەمە لە میشکیا نەمینێ بروا بۆ لای رەفیقەکانی ، گەرامەوە بۆ مالەوە.ئەوەنەمزانی ئەوکورە بچکۆلەیەم لە مەتبەخەکەیا بوو هاواری کرد: عادل بە گرەوەیە ، لەناو ئەم دەرگایەدا گرتم بە گرەکەوە ( ئەها دەستی خۆشم خەریکە چاك ئەبیتەوە ) نام بە سنگمەوە ، نام بەسنگمەوە کەبە خۆم بیکوژینمەوە یەعنی مەجالی ئەوەم نەبوو راکەم شت بهینم و پیایا دەم . گرەکەی زۆر بوو ، کە نام بە سنگمەوە منی گرت و منی دا بە ئەرزا . ئەو خوشکەیشی هەر دەیقریشکاند . کە منی دا بە ئەرزا بە ئیرادەی ئەو خوایە قەلەمی ئەژنۆم شکا چاوو ئەژنۆم نەما بە چنگ و بە ئەژنۆ چوومەتە دەرەوە دەستم ئەدا لە بەلوعەی تەنکیەکەی حەوشەمان ئەمووت دەرگاکە بۆ ناکریتەوە . ئەم براژنەیشی لەودیو بوو مالی جیایە . یەك بە دنیا هاوارم دەکرد بەس قەلەمی ئەژنۆم نەبوو راکەم بە دوایا. خۆی یەکسەر چووبووە چلکاوەکەوەکەی کۆلأنەوە لە ناو چلکاوەکەیا پاڵ کەوتبوو ئەم و ئەو فەلاحەش کە دراوسێمانە لەوبەرە یەکسەر گەیشتبوونە سەری ئاویان پیا کردبوو خیرا کوژاندبوویانەوە . کاتێ من چوومە دەرەوە بە چنگ، سەیر دەکەم خۆشم ئەو لایەم ماکسی یەکی مۆرم لە بەرابوو لایەکی گری پیوە بوو بوو ئەوەندە خۆم راکیشا بوو کوژابووەوە گرەکە . بەم شیوەیە منالەکە هەستایە سەر پێ جوان شتەکانی لە خۆی تەکاند هەتا ئەو کورەی دراوسیمان ووتی ئەمناسی ؟ ووتی : ئەی چۆن ناتناسم تۆ هونەریت . هونەر هات لەگەلمانا چووین بۆ خەستەخانە ، بە پێی خۆی چووە ناو خەستەخانەکەوە تەداویان کرد . ووتم عادل گیا ن باشی ؟ ووتی دایەگیان زۆر باشم عەیبم نی یە . ئەوەبوو دوو رۆژ مایەوە سەری سێیەم شەوەی قەزاو بەلأی ئیوەی برد لە خەستەخانە

**دنیای منالأن** : خۆتان خۆش بن .

**دایکی عادل** : بێ وەی بن .

**دنیای منالأن** : پیشتر لە قوتابخانە بەر لەم کیشەیەی روویدا هیچ کیشەیەکی تر رووی نەداوە ؟

**دایکی عادل** : تازە کە مەکتەب دانرابوو هەمووی کانگیك ئەبوو ، هەموو لە پۆلەکەی عادل دا نازانم چی دەکەن مامۆستا ، فەسلیان ئەکا ، یەك پۆل فەسڵ ئەکا . کە فەسڵ کران ئیمە چەند جار چووین بۆ تکا و رجا بۆ لای معاون مودیرەکەیان کە مامۆستا یوسفە مامۆستا نیهاد نالیم ، کە چووین هەر جوابی نەیاینەوەچەند جاری تر من تکاو رجای دنیام تیا کرد کە مامۆستا یوسف ئەم منالە حەز دەکا من زیاتر بیم بۆ موشکیلەی وەك لە باوکی بەلأم گوێی لە من نەئەگرت . قەیناکە ئەگەر ئەو منالەی من شتیکی غەلەت بوو یان شتیکی ناشیرین بوو من خۆیشم لیم قبوڵ نەئەکرد نەك بەو شیوەیە بە شیوەیەکی زۆر زۆر نابەجێ جوابی منی ئەیایەوە ، ئەیووت گویت لی ناگرم برۆ دەرەوە ! چەند باوکی کە چەند دایکی کە بوو گوێی لەکەسمان نەئەگرت هەمووومانی دەرکرد . هەتا بەو شیوەیەی ئەو منالأنەی ئیمەی وەرگرتەوە ئیمە دە جار چووین و دە جار تەریق کراینەوە . هەتا وویستم نەقلی مەکتەبی هیمنی بکەم کە ئاوا فەسڵ کرابوو چوو رەسمی گرت و هاتەوە لە پیشا چووم بۆ لای مامۆستا حەسەن کە مودیری مەکتەبی هیمنە، ووتم کوریکم لیرەیە حەز دەکەم ئەمیش نەقڵ بکەم ووتی بەسەرچاو . کەچووین بۆ لای مامۆستا حەسەن و رسمەکەمان برد و عادلم برد ووتی ئەوە ئەلێی چی کورەکەت فەسڵ کراوە تەلەفونمان بۆ کراوە ئەتەوێ من وەری بگرم ؟ یەعنی لەویشەوە ئەو ریگایە لە کورەکەم گیرا . جا من ئەو داواکاریەم هەیە قەت قەت نابێ نەمامۆستا نە معاون مودیر نە مودیر نابێ ئاوا هجوم بکەنە سەر تەلەبە لەبەر ئەوەی تەلەبە فەترەیەکی منالی یە بێ عەقلی یە ئەبێ دایم ئاگایان لی یان بیت ، من منالی خۆم بوو لە مالەکەیا چەند شتی بکردایە سەریم ئەنا بە سنگیەوە قسەم لەگەلأ ئەکرد وای لی ئەهات خۆی دەستی منی ماچ ئەکرد . چۆن ئەبێ مامۆستا و مودیر وابێ .

**دنیای منالأن** : دووا قسەت بۆ ئەو مامۆستا بەریزانە و ئەو مدیر و معاونانە چی یە بۆ ئەوەی رووداوی لەم چەشنە دڵ تەزین و ناخۆش روونەداتەوە ؟

**دایکی عادل** : داوای ئەوە دەکەم نابێ قەت قەت مامۆستا و مودیر توند و تیژ بن لەگەڵ تەلەبەیا . فەرقی دایك و باوکیش نەکەن ، ئەو تەلەبەیە بەو شیوەیە نەترسینن بلین هەر دەبێ باوکت بیت قەیچیکە فەرقی دایك و باوك چی یە منالْ هی هەردوو لایە فەرقی نی یە، بەلکو ئەو باوکە مەجالی نەبوو لەوێ نەبوو ئەبێ ئەو دایکە قبوڵ بکەن . نابێ پەلی منالْبگرن و لەبەرچاوی تەلەبەی تر بیشکینن و بیکەنە دەرەوە . بەس داوای ئەوەنە ئەکەم . بەسەر خۆیانا بینەوە مامۆستا و مودیر و هەر هەموو ، لە تەلەبە نەیەن نەیترسینن قسەی ناخۆشی پێ نەلین نەیشکیننەوە لەبەرچاوی تەلەبەی کە بیکەنە دەرەوە . داوای ئەوەنە ئەکەم .

**دنیای منالأن** : هەلویستت لە بەرامبەر سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالأنی کوردستان چی یە ؟

**دایکی عادل** : من زۆر زۆرم پێ خۆشە کە ئاوا ئەم سەنتەرە لە موشکیلەی منالأن ئەکۆلیتەوەو ئەگەرێ بە دوای ئەوەیا ئەیەویت بزانێ هۆی چی یە و لەبەر چی یە . زۆر زۆر سوپاسیان ئەکەم . تەبعەن ئەم شتە وەکو ئەوەیە ئەو منالەی من کە لەدەست چوو تەبعەن چۆن کەس لیی ناپرسیتەوە ئەمان هاتوون لیمان دەکۆلنەوە من زۆر زۆرم پێ خۆشە هەروەکو ئەوە وایە کە ئەو منالە نەهاتبیتە دنیاوە و نەشم بینیبێ لە بیرم بچیتەوە. کە ئیوە ئاوا ئەکۆلنەوە زۆر پێ خۆشحالم زۆر زۆر سوپاستان ئەکەم هی ئەم سەنتەرەی کە ئیستا هاتووە بۆ لامان و مافی منالْ ئەپاریزن . زۆر زۆر سوپاستان ئەکەم .

## دریژەی گفتوگۆ لەگەڵ بریکاری وەزیر..

سەبەبی ئەو خۆ سووتاندنەیە بە راستی ئیمە وەکو وەزارەتی پەروەردە رێ و شوینی یاسایی کە لەگەڵ یاسای قوتابخانەکان و نیزامی داخلی خۆماندا بیت بە راستی ئیمە ئیجرائاتی خۆمان دەکەین . هیوادارم رووداویکی ئاوا وەزارەتی پەروەردە وخیزانی پەروەردەی لە پشتەوە نەبیت چونکە ئەگەر وابیت ئیمە ئیجرائاتی قورس دەکەین لە بەرامبەریان .

**دنیای منالآن** : ئیوە وەکو وەزارەتیك و بەریوەبەریتی قانونیك ( نەك وەکو رینمایی و تەوسیە) هەیە کە لە ئیهانەکردنیکەوە تا گوێ راکیشانیك تا رووداویکی لەم چەشنە کە بەمەعنای جێبەجێکردن و تەنفیزکردن هەبیت .

**بریکاری وەزیر** : هەموو قوتابخانە سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی یەکان نیزامی داخلی خۆیان هەیە ، بۆپرۆسەی پەروەردە هەروەها بۆ عقوباتیش ، ئیمە بە پێی ئەو نیزامە بە پێی مادەکانی عقوباتی قوتابخانە ئیمە دەتوانین عقوبەی ئەو سەرپیچیکەرانە بدەین . مادەی قانوونی هەیە تایبەت بە هەموو کیشەیەك.

**دنیای منالآن** : هەست ناکەیت لەبەرامبەر بەو مادانەدا زۆریك لەو کیشانە تێ ئەپەریت بەبێ ئەوەی کە عقوبە بدریت؟

بریکاری وەزیر : دیارە کیشەکان هەرکیشەیەك بیت عقوبەکەی چی بیت دەبێ ئەو عقوبەیەی وەربگریت و ئەو مادە قانوونی یەی بەسەرا بسەپینیت . زۆرجاریش ئەگەر ئەوە جێ بە جێ نەکریت من پیم وایە ئەوە کەمتەرخەمی بەریوەبەرە گشتییەکانە یان سەرپەرشتیارەکانە یان خەلکە مەعنی یەکانە کە جێ بە جێی عقوبەکەی نەکردووە . ئەمە ئەوە ناگەیەنیت بەرامبەر هەر تاوانیك مادەیەکی قانونی نی یە ، بەرامبەر هەر تاوانیك مادەیەکی قانونی هەیە بەرامبەر هەر سەرپیچی یەك مادەیەکی قانونی هەیە بەلآم کە جێ بە جێ ناکریت ئەوە مەسەلەکە ئەوە نی یە کە قانونیکی وا نی یە یان یاسایەکی وا نی یە ، کەمتەرخەمی لەوایە کە جێبەجێی ناکات بە راستی . ئیمە بەرامبەر ئەم کیشانە لەوانەیە لە زۆر شت ببوورین بەلآم کە کاریك بەندە بە ژیانی منالیکەوە ئیمە ناتوانین بەرامبەر بەمە ئەگەر یاسایەك هەیە بەرامبەر بەعقوبەدانی ئەمە ئیمە کەمتەرخەمی بکەین . ئیمە چاوەریی ئەنجامی لیکۆلینەوەکان دەکەین بۆ ئەوەی بزانین چی دەبیت .

**دنیای منالآن** : ئەنجامەکەی بۆ خەلك رادەگەیەنن ؟

**بریکاری وەزیر** : حەتمەن ئەنجامەکەی بۆ خەلك رادەگەیەنین .

**دنیای منالآن** : ئەو ئیجرائاتە چی یە ئەگەر لە ئایندەدا ساغ بووەوە کە لە پشتی ئەم کارەوە کەسیك هەیە ؟ کێ دەگریتەوە ؟

بریکاری وەزیر : چاوەرێ دەکەین کێ بەرپرسە بەرامبەری وە چ مادەیەکی قانونی بەسەرا جێ بەجێ دەبێ ئیجرائاتەکە لەویدا دەکەین ، بزانین بەرامبەر بە چ مادەیەکی قانونی یە ئیجرائاتەکەمان .

**دنیای منالآن** : لە کۆتا یی دا زۆر سوپاست دەکەین بۆ ئەم چاوپیکەوتنە .

**بریکاری وەزیر** : زۆر سوپاس بۆ ئیوەش . هیوادارم بتوانن ئیوەش وەکو خۆتان سەردانی بەریوەبەری گشتی سلیمانی بکەن بۆ بە دوواچوونی ئەم رووداوە بزانن ئەوان گەیشتوونەتە چ ئەنجامیك لە لیکۆلینەوەکە ، ئایا ئەوان کەمتەرخەمن لەجێ بە جێ کردنی لیکۆلینەوەکەیاندا . ئیوە وەکو ریکخراویك کە داکۆکی لە مافەکانی منالێ دەکەن من پیم باشە و پیشم خۆشە زۆر بەسەربەرزیشەوە ئەلیم هانیشتان دەم بۆ ئەوەی بتوانن لە هەموو کیشەو گیروگرفتەکانی منالآن لە قوتابخانەکاندا ئەو سەرپیچی یانەی لە لایەن مامۆستا بەریزەکانی ئیمەوە دەکریت یان لە ئیدارەکانەوە دەکریت یا کێ بەرپرسیارە بە زووترین کات وەزارەتی پەروەردە لە پیشیشدا پەروەردەی سلیمانی یان کەرکوك یان گەرمیان یان هەر شوینیك کە ئیوە کە کیشەو گرفتی تیا دەبینن کاریکی باش دەکەن ئەگەر بتوانن ئەو شوینانەی لی ئاگادار بکەن بۆ ئەوەی ئیمە لانی کەم ئەو سەرپیچیکەرانە ئاگاداربکەینەوە کە جاریکی تر ئەو کارانە نەکەنەوە بۆ ئەوەی بتوانین نەوەیەکی دروست نەوەیەك کە لە ئازادیا مافەکانی چەندە دەپاریزرێ ،ئیمە وەکو وەزارەتی پەروەردە بیپاریزین و گەشەی پێ بدەین . سەرکەوتووبن خۆتان ، رۆژنامەکەتان ، ریکخراوەکەتان.

# رۆژێك بۆ منالآن

ئیدریس علی

گەورە شاعیری تورك ( نازم حکمەت) دەلێ :

ئەگەر دیتان منالیك لەسەر جادە دەگری بێ شك بزانن جیهان خەلەلیکی تیدایە .

بەلآم ئەمرۆ لە سایەی سیستمی ناریکی ئابووری دنیادا کە هەموو ژیانی لەسەر بنەمای قازانج و بەرژەوەندی راهیناوە و دنیای لەسەر چەمگی کار و سەرمایە راگرتووە ، رۆژانە دەریای فرمیسکی منالآن و شەپۆلی هەنسکیمان خۆی بە کون و کەلەبەرە تەنگ و فراوانەکانی دنیادا دەکات ، هەموومان لە سایەی بە گوند بوونی دنیا و هروژمی جیهانگیریدا ئاگاداری هەل و مەرج و ژیانی منالیکی لەمسەری دنیا بۆ ئەوسەری هەبن ، کە هەر ساتە و بەشیك لە خەون و خولیا و دنیای ناسکیان دەکریتە ژەمە خۆراکی قازانج پەرستی و سەرمایە سوود لە هیزبەرهەمهینانیان وەردەگیریت . بە بێ ئەوەی بیر لەوە بکریتەوە هەر لە لایەن ئەو نیزام و دەسەلآتانەوە کۆمەلیك ماف بۆ منداالان دیاری کراوە و لەسەر کۆمەلگە و دەسەلاتە جۆراوجۆرەکان فەرز کراوە کار لەسەر ئەو مافانە بکەن و دنیای منالان رەنگین بکەن .

لیرە لە کوردستان روو لەهەر مەیدانیکی کار دەکەیت , ئۆردوویەك مندال دەبینی کە رۆژانە لە ناوەندە جیاجیاکاندا سەرقالی کارکردنن و هەروا مۆمی تەمەنیان لەبەردەم رەشەبای بازاردا خەریکە هیدی هیدی کال دەبیتەوە , بیگوومان هیچ دایك و باوکیك پیی خۆش نی‌یە جگەر گۆشەکەی خۆی کەبە دەریایەك عارەقە و رەنج بە بوونی هیناون بیان خەنە بەر شەقی رۆژگار و تالاوی کارکردن بچی بە گەروویاندا , بەلام ئەوە چ هەل و مەرجیکە وا لەدایکان و باوکان دەکات ئەم حالەتە ئاسایی چاو لی بکەن ؟ یان ئەوە چ نیزامیکەدۆزەخیکی لەبەرگی بازاردا بۆ مندالان جی کردووە و رۆژانە دلۆپە خوینی جەستەی ناسکیان دەکاتە سەرمایە ؟ ئاخر ئەم مندالانە لەم سەرەتای ژیانەدا فیری مامەلە کردن , رۆژ نان و پارە پەیداکردن و قۆل برین و کورووزانەوە ببن و زۆر لەخۆیان بکەن چون وەکو مرۆڤیکی تەواو کامل و گەورە هەلسووکەوت بکەن , چ مەودایەك دەمینیتەوە بۆ مومارەسە کردنی دنیای منالانەی خۆیان ؟

دیارە منالان ئەمە سەرەتاکەیان بیت دوا رۆژیان لەئیستا باشتر نابیت, دواجار کۆمەلگە و دەسەلاتیك ناتوانیت بانگەشەی مافی مرۆڤ و مەدەنیەت بکات , ئەگەر ئاستی بژیوی هاولاتیان و گووزەرانی مندالانی بەم شیوەیە بیت . ئەوەشمان لەیاد نەچیت کۆمەلگەی ناتەندرووست مرۆڤی ناتەندرووست بە بوون دەهینیت . سبەینیش , هەر خوودی کۆمەلگە و دەسەلات بەرپرسن لە ئاست ژیانی ئەو مرۆڤانەی کە ئەمرۆ مندالن و سبەینی گەورە دەبن و کۆمەلگە لەسەر دەستی ئەوان هەلدەسووریت .

بۆیە لە رۆژ و جەژنی ووردیلەکاندا پیویستە بە جددی ئاور لە منالان بدریتەوە و تەواوی پیداویستی یەکانی دنیاکەیان بۆ فەراهەم بکریت , ئەمەش هەروا کاریکی سانا نی یە , بەلکو پیویستە ببیتە کولتووری تاك بە تاکمان و سەرەنجامیکی ئینسانی بۆ مندالان پیش بهینین .

## دریژەی.. سەبارەت بە بەرگریکردن لە خواستی قەدەغە کردنی حیجاب بۆ مندالان

تربونەوەی زیاتری بە ریژەیەکی زۆر بەرتەسك بوەتەوە. بەلی دۆستان، مافی ئەولیا، نیسبەت بە مندالەکانی بەرتەسكو مەرجە بە مافی ئینسانیو جیهانداگرو یاسایی مندالانە. ئەمە ئەرکی یاساو(و دەولەتو پاسەوانەکانە) لەهەر ولاتیکدا کە ئەمە زەمانەت بکات. هیچ کەس نە باوك، نە دایك، نە خال، نە پور خانم. مافی دارکاری کردنو ترساندنی مندالانی نییە، هیچ کەس مافی ریگری لە خویندنو وەرزشو تیکەلاوبوون لەگەل مندالانی تردا نییە. هیچ کەس مافی بەد کەلك وەرگرتنی جنسی لە مندالان نییە، هیچ کەس مافی کارکیشانەوە لەمندالوخستنە سەر کاری ئەویان نییە. هیچ کەس مافی ئازاردانی جەستەیی مندالانی نییە، ئەگەر بەحوکمی شەرعی ئەنوەریش بیت، هیچ کەس مافی بیبەش کردنی مندالانی نییە لە هیچ کام لە ئیمکاناتیك کەکۆمەلگا بەشیوەیەکی ئاسایی بە مافی ئەویی داناوە. ئەم مندال ئازاردانانە بەشیك لە( مافی دیموکراتیك)ی هیچ بەشەریك نییە. هەولو کۆششی قەدەغە کردنو بەرتەسك کردنەوەی کردەوەی ئارەزومەندانەی سونەتیو عەشاریانەی باوکانو میردەکان. شەرتی گەورەی بەهرەمەند بوونی منالانە لە مافی ئینسانی خۆی. مافیك کە تازە پیویستە زۆر لەمانە زیاتر گەشە بسەنیت.

دۆستانی ئازیز، ئازادیخوازانی نیوە کات، باوەر بفەرموون کۆمەلگا پیشکەوتوە، تابە ئیرە گەیشتوە، ئایا واقعا تیگەیشتن لەم راستیە سادانە ئەوەندە سەختە؟ شایەت ئەم حیجابی ئیسلامیە وەك ئازاردانی مندالان نەبیت. ئاخر حیجاب(خەلکی) یە (خۆمالی) یە، هی( پەنابەرانی بیبەش)ە، بەشیك لە فەرهەنگی( ئیمە شەرقیەکان) ە، جلو بەرگی( دژ بە ئیمپریالیستەکان) ە ، راسیستەکانیش حەزیان لیی نییە، وەزیری پەنابەرانی سوید خۆشی بی حیجابە. ئەم مجامەلەو قسە بی مانایانە لەزمانی یەك موسلمانی(میانرەو)، یان تاقمی مەسعودومەریەم(مەبەستی جەماعەتی موجاهدینی خەلقە-و)و هاوشیوەی ئەوان، چاوەروان نەکراو نییە. بەلام ئایا بەراستی کەسانیك کە ئیدعای ژن بوونو پیشکەوتن خوازی دەکەنو تازە سەلامو عەلەیکم-ی خۆیان لەگەل ( هەلسوراوانی بە ئەزمونی بزوتنەوەی ژنانوبزوتنەوەی دژە راسیستی سوید) بەروی خەلکیدا دەدەنەوە. هیشتا مانای کۆمەلایەتی حیجابی ئیسلامی، کاریگەری ویرانکەری لەسەر زەینو ژیانی کچانی کەم تەمەنو گەنجانی سوید نازانن. ئایا بەراست دەبیت ئاموژگاری بکرین سەبارەت بە رەنجو غەمی مندالیك کە گۆشەگیروسەرنج راکیشەرە، نازانیت بۆچی ئیجازەی باز بازینو یاری ومەلەکردنو تیکەلاوبوون بەمندالانی پۆلەکەی نییە،و بچوکترین ئیختیاری بۆچونە دەرەوە لەم وەزعیەتە نییەو رزگاربونیکی لەم کابوسە نییە؟

ببین کە پەروەردەکردنی تودەیی چەندە لەم پولەدا بەقولی ریشەی داکوتاوە، کەتەنانەت یەك جاریش بەریکەوت بە هەلویستیکی ئازادیخوازانە لەبەرانبەر ئیسلامدا ناچار نابن.

**( دریژەی هەیە)**

# Dnyay Manalan

DNIAYMNALAN@YAHOO.COM.UK

خاوەنی ئیمتیاز: سەنتەری بەرگری لەمافەکانی منلانی کوردستان

سەرنووسەر : کامەران لەتیف

Email : KAMARAN.L @yahoo.com

ناونیشان : بازاری هەورامان – نهۆمی دووەم

T : 1120400


## وینەکان دەدوین













## دابین کردنی مووچەی مانگانەی

## منالآنی خوار ( 16 ) سال

## لە داهات و بودجەی حکومەت









منالآن سوال دەکەن ....... منالآن کاری سەرجادە دەکەن


جگە لە سەرووتار هەموو ئەو بابەتانەی بلاو دەکریتەوە خاوەنەکانیان لیی بەرپرسیاۆن